# هونەری گەنجەکان و
# هونەری پیرەکان

**حەمە هاشم**

هەرگیز من نەم ویستوە توانج یان رەخنەی نابەجێ لەو هونەرمەندە خاوەن ئەزموونانە بگرم کە چوونەتە تەمەنەوەو ئێستاش لەکاری هونەرییاندا بەردەوامن ، ئەگەرچی کۆمەڵێك گەنج هەن کە هەمیشە رووی رەخنەیان ئاراستەی ئەوانەو بە سەلەفی وکۆنەخواز و شتی تر ناویان دەبەن ، .. بڵێین ونەڵێین ئەوان لەسەردەمی خۆیاندا کەسی داهێنەر وئەفرێنەر بوون کە من پێم وایە داهێنان بە تەمەن نیەو هەمیشە مرۆڤی داهێنەر هونەرێکی گەنجانە وژیارییمان پێدەبەخشێت ، بەلاَم من دەمەوێت لەسەر هەڵوێستێك بوەستم و قسەی لەسەر بکەم ،ئەویش رێزگرتنی هونەری گەنجەکانە لە دام ودەزگا هونەری وروناکبیریەکان ، بەتایبەتی لایەنە حکومیەکانی وەك وەزارەتی رۆشنبیری ، سەیر دەکەیت کۆمەڵێك ئەو کەسانەی کەچوونەتە تەمەنە وە هەمیشە کۆمەڵێك ئیمتیازاتی هونەری ومادی ومەعنەویان پاڵپشتە نلەکاتێکدا بەدرێژایی تەمەنەهونەرییەکەیان هەروا بەرێوەچوون ، کەچی هونەرمەندانی گەنج هەردەم لەدواوەو لەپەراوێزی پرۆژەو بەرنامەکانی حکومەتدا حسابیان بۆ دەکرێت ،تادەگاتە ئەو رادەیەی کە تووشی بێهودەیی دەبن ونامۆ دەبن بەهونەری میلەتەکەیان ، لەم چەند رۆژەی رابردوو گروپی مۆسیقای شەبەنگ سێ لەمۆسیقیە هەرە بەتواناکانیان بەرەو دەرەوەی کوردستان سەفەریان کرد ، سەفەرێك نە وەك شاندی هونەری ونە بۆ نواندن ونمایشی هونەری و نە بۆ تەواوکردنی خوێندنیش ، بەڵکوو لەبێزاربوونی خۆیان بەرامبەر بەم بارودۆخە هونەرییە ، وەهەر لەم رۆژانەشدا هەواڵی سەفەرکردنی تیپی هونەرە میللیەکان بیسترا کە گوایە بەرەو ئەوروپا دەرۆن بۆ نمایشکردنی بەرهەمە هونەریەکانیان ، لێرەدا ئەم دوونموونەیە هەردووکیان سەفەرکردنە بەلاَم جیاوازی زۆریان تێدایە ، من ناڵێم تیپی هونەرە میللیەکان بانەچنەدەرەوە وکارووچالاکیان نەکەن ، بەڵکوو چوونەدەرەوەی ئەوان و ناساندنی هونەری میللی کورد بەدەرەوە ،کارێکی شیاوە ، بەلاَم نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەم جۆرە تیپانە فرسەتی زۆریان بۆ رێکخراوەو زیاتر ئاشنایەتیان لەگەڵ دوونیای دەرەوە هەیە ،حەق وایە هەندێ جاریش وەزارەتی رۆشنبیری چاوی گرووپە هونەریەکانی وەك گرووپی مۆسیقای شەبەنگ ببینێ و دەرفەتی چوونەدەرەوەیان بۆ برەخسێنێ تائەوانیش داهێنانەکانیان ببێتە سیمبلێك بۆ ناساندنی کلتوور و بەها ئیستاتیکیەکانی هونەری کوردی ، کەبێگومان ئەم هەنگاوانە هەم پاڵپشتی هونەرییانە هەم هاندەرێکی کاریگەریش دەبێت بۆ پێشخستنی ئاستی هونەرییان ، نموونەکەشم تەنها بۆ باسکردن بوو نەك بەرزکردنەوی یەکێك لەسەر حسابی ئەوەی تر ، وەئەم نموونەیە دەکرێت بۆ شانۆکاران و شێوەکارەکانیش هەر هەمان شت بێت ، بەو هیوایەی وەزارەتی رۆشنبیری دەرفەتی باشتر برەخسێنێ بۆ هونەرمەندان .